# لەنێوان کۆمەڵەی روناکبیری و گۆڤاری هەرێمی کوردستاندا

**لەتیف فاتیح فەرەج**

(1)

بۆ خۆم یەکێکم لە خوێنەرە بەردەوامەکانی گۆڤاری هەرێم، بەتایبەتی نوسینەکانی مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی، ئەو پیاوە لەبەر ئەوەی لە ڕوحدا سۆفیگەرێکی ئاهورامەزدایيە، هەمیشە نوسینەکانی، مرۆڤ پەلکێشی ئەندێشەیەکی قوڵدەکەن، ئەوەیان بابەتێکی دیکەیەو لەمێژە لە خەیاڵی ئەوەدام لەسەر ئەو پرسانە پێکەوە دەمو دوویەك بکەین، ئەوەی بەلای منەوە جێگای نیگەرانییە، ئەوەیە هەرێم کە هەفتانە دەردەچێت مانگانەکەی بە پێی زانیاریەکانی بەردەستی منو ئەوی لە رۆژنامەکان بلاوکرایەوە 50 ملیۆن دینارە، کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، نوسینگەی لە چەمچەماڵ، کفری، کەلار، خورماتوو، داقوق، نێو کەرکوك هەیە، چەمچەماڵ گۆڤارێکی وەرزی، لە کەرکوك لە ناوەندەکەش هەفتەنامەیەك کە پێشتر 12 لاپەڕەو دواتر کرایە 8 لاپەڕەو هێشتا بۆشی لە سەنگەردان، گۆڤارێکی وەرزی کە دانسقەو تا ئێستا باشە، جگە لەوە گۆڤارێکی مانگانەی هەبوو کە مامۆستا لەتیف هەڵمەت سەرنوسەری بوو بەنێوی بانەڕۆژ ئەویش قۆناغ بە قۆناغ داخراو، لەودوا دوایەشدا لە بری خزمەتکردنی ئەو شاعیرە بە هەڵوێستە نێردرایەوە ماڵەوە، ستافەکەیشی بونە ئاردی نێو درك، واتە:

-کەرکوکی ئەمرۆ هەفتەنامەکەیە

-بانەڕۆژ گۆڤارە مانگانەکەیە

-کەرکوك گۆڤارێکی وەرزیە

-سۆنگە گۆڤارێکی وەرزیە نوسینگەی چەمچەماڵ دەریدەکات جگە لەوە هاوکاری دەیان رۆژنامەو بلاوکراوەو چاپکردنی چەندین کتێب، کۆمەڵەی روناکبیری خاوەنی نزیکەی 1400 ئەندامە، زیاتر لە 13 ساڵە هەیە، دەشێ کەمو کوڕی و گەندەڵی تیابێت، لێ بە هەموو ئەوانەوە بودجەکەی "20"ملیۆن دینار بوو، کە لە دابەزیندا "60٪"کرایە، 8 ملیۆن، کەرکوکیش بە قەولی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی و حکومەتی کوردی دڵو قودسی کوردستانە، ئێمە تەسەورمان وابوو ئەو تەقەشوفو شەڕە ئێرە ناگرێتەوە، گرتیەوە، ئێستاش لەناو خودی کۆمەڵەشدا بەو هۆیەی بارودۆخەکە بەو ئاقارە برا دیسان جۆرێك لە فرکان فرکان دروست بووە کە ئەوە بەشێکی زۆری لەسەر حیسابی کۆمەڵێك نوسەر تەواو دەبێت، کۆمەڵێك نوسەر کە لەسەر ئەرکی خۆیانو پێشمەرگانە لە کەرکوکدا دەجوڵێنەوەو قسەیان هەیە، ئاخر ئەگەر 50 ملیۆنەکەی هەرێمی رەنگاو رەنك بکرابایە 40و دەست لە کۆمەڵەی روناکبیری نەدرایە کابەکەچ دەبوو، هەڵبەت نەخێر.

(2)

لە کۆمەڵەی روناکبیری جگە لە بلاوکراوەو کیتاو رۆژنامە، بەردەوام چالاکی هەمەجۆر هەبووە، فێستیفاڵی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئەسیری شاعیر، کۆنفراسی کەرکوك، خولی پێگەیاندنی خوێنکاران لە بواری زمانی ئینگلیزیدا، خولی رۆژنامەوانی چەندین چالاکی دیکە، ئەمە جگە لەوەی لە نوسینگەکانیش ئەوکارانە کراوە، ئەمە هەمووی بەو 20 ملیۆنەو هەندێ جار بە هیمەتی دڵسۆزانی دیکە، لە داگرتنی ئەو پارەیە لە رێکخراوو کۆمەڵەکان لەنێو کەرکوکدا بەر لەهەر کەس کۆمەڵە بەردەکەوێت، لە دنیادا نەبووە حکومەتێك کار لەسەر ئەوە بکات رۆشنبیران بکات بە دوژمنی خۆی، برینی رێزلێنان، ناوزڕاندنی نوسەرە باشەکان، تەپلکوتین لێرەو لەوێ بۆ خەڵك، قوت برینی هەزاران کەس، دەستەپاچە کردنی رێکخراوو کۆمەڵەو سەندیکاکان، بێ ئەوەی چاكو خەراپ لە یەك جیا بکرێتەوە، ئەمە لە دنیادا نەبووە، تەنیا حکومەتێك لەم دنیا فراوانەدا کە بەو هەڵەشەییە کار بکات، ئەوی ئێمەیە، تەقەشوف لە خوارەوە دەست پێدەکات نەك لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتو جێگرو شالیارو پارلەمانتارەکانەوە، کۆمەڵەی روناکبیری کە نزیکەی 20 تا 30 کەس موکافەئەی بەرابەر کار لێوەردەگرێ، ئەو هەموو کارەی سەرەوە دەکات، بەردەوام لە جوڵەدایە تاکە کۆمەڵەیە کە هەر لە سەرەتاوە رۆژنامەیەکی هەفتانەو کەرکوکیانە دەردەکاتو خەڵکێکی زۆر بەهی خۆیانی دەزانن، رۆژنامەکە لە کەرکوکدا هاوڕێ لەگەڵ باسەرە، ئاسۆ، هەواڵ پێکەوە دەکاردان، بە هەموو ئەوکارانە 20 ملیۆن کە دواتر دەکرێتە 8 ملیۆنو بە بیستەکەشەوە کە ناشێ بە گوێرەی خۆی شتێ گەندەڵی تیا نەبوبێت دەکاتە موچەی سێ تا چوار شالیار، سێ چوار پەرلەمانتار، ئێستا ئەوە ناکاتە موچەی پارلەمانتارو نیوێکیش،

پارلەمانتار هەیە لە ساڵی 1992ەوە شانی لێ داداوە ئێستا مانگانە دەچێت چوار ملیۆن‌و دووسەدو پەنجا هەزار لە حکومەت وەردەگرێت، کەس نازانێ چەند موچە بە وەزیرو پارلەمانتاری کەرکەنارکراو دەدرێت، گڕگڕدێن بۆ بەختیار عەلی‌و مەریوان وریا قانع‌و ئاراس فەتاح‌و شوان ئەحمەد دەدەن لە تەنەکە، وڵاتی سوککردنی یەکتر، گەورەترین وڵاتی گەندەڵی، وەزیرو پارلەمانتارو بەڕێوەبەری گشتی‌و فەرمانەدەو شتی دیکە نیە، خزم‌و کەس‌و کاری خۆی نەکردبێت بەهالە بە دەوریەوە کەس قسە ناکات دێن پەلاماری کۆمەڵەی روناکبیری دەدەن، لەناویشەوە خۆرە هەیە بسکەی سمێڵی دێت.

(3)

لە کۆمەڵەی روناکبیریدا چەندین کەسایەتی‌و خەڵکی ناسراو هەن، ئێمە ئەگەر حەقیقەتی ئەو شەڕەی بە کۆمەڵ دەفرۆشرێ بخەینە سەر روپەڕی رۆژنامە، خەڵکێکی زۆر لە حکومەت زویر دەکەین، ئەمە چ جۆرە حکومەتێکە بیەوێت پەیتا پەیتا هاوڵاتیەکانی بکاتە دوژمنی.